


# هاوارو گریان بۆ راپۆڕتی بەیکەر ـ هاملتۆن

**فـەهــد گـــردەوانــی**




ئەو گریان و هاوارەی بۆ راپۆرتی بێکەرهاملتون دەکرێت ، جارەکی تر کاڵفامی سەرکردایەتی کورد بەرامبەر بەرژەوەندی یەکانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکە نیشان دەدات. ئەمریکا لەوکاتەی دەست لەناو کاروباری وولاتان وەردەدات و هەتا ئەمڕۆش بەرژەوەندی خۆی لەسەرووی بەرژەوەندی منداڵان و پیر و پەککەوتوو و ژن و خەڵکی ئەو وولاتانە داناوە کە داگیری کردبێت یان رزگاری کردبێت. ئەوە سەرکردایەتی [شارەزای]کورد بوو ئەمریکای بە رزگاریکەری عێراق دادەنا ، کەچی لە نەتەوەیەکگرتووەکان بە کۆی دەنگ ئەمریکا بە داگیرکەری عێراق لەقەڵەم دەدرا و خودی ئەمریکاش رازی بوونی خۆیان نیشان دەدا کە داگیرکەرن هەتا هەندێک یاسای نێودەوڵەتی لە بەرژەوەندی یان بێت و وەکو رزگاری گەر پابەندی هەندێک یاسا نەبن . جا کامە سەرکردەی کورد ئەوەندە شارەزای یاساکانی نێودەوڵەتی یە هەتا دەربارەی داگیرکەر و رزگاریکەر جیاوازی بکات. با هەر بەشی زانستی لە یاسای نیودەوڵەتی لە دانشگای سەلاحەددین بخوێندرێت کێ گوێی پێدەدات ، لەبەر قوون بادان و شایی و گۆڕانی کوا رۆژێک لە رۆژان بەرنامەیەک یان پەنێڵێک دەربارەی ئەو باسانە پەخش کراوە هەتا خەڵکی شارەزابێت. ئەو کاتەی لەشکری پێشمەرگەی هەردووحیزب پێش لەشکری ئەمریکا کەووتن و کەرکووکیان رزگار کرد ئەوە بیکەروهاملتون بوون شەڕە پەڕۆکی کەسک[سەوز]وزەردیان دەکرد و لەسەر سەربانەکان بەرزیان دەکردەوە و وێنەی مامەوکاکەیان دابەش دەکرد ،یان ئەوە پارتی و یەکێتی بوون هەوڵی دەدا پاوان خوازی بکات و زیاتر نفوسی تایبەتی خۆی بچەسپێنی . ئەوە هاملتونبێکەر بوو رێگای نەدان کەرکووک بگەڕێتەوە سەر کوردستان یان ئەوە ئێوەبوون بۆ دابەش کردنی دەسەڵات لەسەر کورسی یەک پێک نەدەهاتن. هەتا ئەمڕۆش قوڕبەسەر پارێزگاری کەرکووک ئەگەر بەیانی لەگەڵ نوێنەری پارتی دابنیشێ دەبێ نیوەڕۆ لەگەڵ نوێنەری یەکێتی دابنیشێ هەتا بەوە تاوانبار نەکرێت کە سەر بەکامە حیزبە. ئەگەر دەڵێن کەرکوک ترسی تورکیای تێدابوو خۆ دەکرا مەخموور بگەڕێننەوە سەر پیرە هەولێری کە ئێستاکەش هەندێک کاری یاسایی وەکو گاڵتە پێکردن خەڵکەکەی رەوانەی موسڵ دەکرێت بۆ ئەوەی کارەکانی بەرێوە بچێت .خۆ بێکەرـ هاملتون نەهاتە مەخموور و قایمقامی بۆ دانەنان، ئەوە ئێوە بوون قایمقامیشتان دابەش کرد. خەڵکی مەخموور و چەمچەماڵ و شەنگار رۆژ نی یە هاوارتان بۆ نەهێنن کە دەگەڕێنەوە سەر کوردستان کەچی ئێوە هەر خۆتان بە بەندی دەستوری عێراقی 58 ی پێشوو و 140 ی

ئێستاکە بەستۆتەوە و هیچێشتان لەدەست نی یە و هەر هاواری یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن . ئەی بۆ داواناکەن لەشکری هاملتون ـ بێکەر بێت بۆ ئەوەی حکومەتی سلێمانی و هەولێرتان بۆ بەڕێوەبەرێ و هەتا کارەبا و نەفت و ئاوتان بۆ دابین بکات و خەڵکتان لەو بارە ناهەموارە رزگار بکات . لە کۆبوونەوەکانی هەردوو سەرکردایەتیتان باڵیۆزی ئەمریکا زەلمای خەلیل زاد بەشداری دەکرد و رەنگە رای خۆشی گووتبێ ، بۆ گاڵتە پێکردن خەڵکی دەیانپرسی ئەرێ ئەندامی مەکتەبی سیاسی کامەیانە پارتی یان یەکێتی ، هەر بۆ گاڵتە کردن دەیانگووت هەردووکیان . ئەی بۆ رووی دەمتان لەوناکەن کە بۆچی لەبڕی ماچەکانی و میوانداری یەکانی لە سەریرەش و دۆکان راپۆرتی ئەمریکاتان بۆ بچمجوان بکات. ئەمریکا کوردستانیشتان بۆ رزگار بکات کە ئێوە بە رزگاری کەرتان لەقەڵەم دەدا بیداتە کامەتان خۆ هامیلتون و بێکەر خۆیان ناکەنە تەرەف لەو لەتبوونەی ناوچە و حکومەتان کە ئەوە چەند ساڵە خودی خۆتان کوردستانتان دابەش کردووە. ئەوە بەرژەوەندی خۆتان بوو رووتان لە دوژمنی خۆتان بکەن و پشتان لە جەماوەر بۆ لەناوبردنی یەکتر لەشکری عێراق و ئێرانتان هێنایە سەر یەکتر و تورکیاتان کردە ناوبژیکەر .ئەوە بێکەر و هاملتونە تێدان دەگات کە ئێوە بۆ ئەوە دەستنادەن سەرکردایەتی وولاتێک بکەن و دەوڵەتێک بەڕێوەببەن بۆیە بەقەد فەلەستینیەکانیش باستان ناکرێت بۆ ئەوەی لەتەک چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکە کوردستانێک دانی پێدابنرێت کە رووبەری جوگرافیا و ژمارەی دانیشتوانی گەلێک لەو وولاتە فەلەستینە فراوانتر و زیاترە کە بوش کاتی خۆی جاری بۆ دا بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەت.هەتا زووە هەوڵبدەن لەشکرێکی سەربازی یەکگرتوو دروست بکەن لەو گەنجانەی کەوا بەبێ کار وا لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک و کەرکوک دەسوڕێتەوە بۆ ئەوی شارەزایی هەبێت لە باری سەربازی و فێربێت چۆن پارێزگاری لە وڵاتەکەی بکات.

**2006/12/12ستۆکهۆڵم**

James Addison Baker 28/4–1930.
Lee Hamilton 20/4–1931 .